www.kurdistannet.org
27-12-2006 22:19بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# خۆشم ئەویێ هاوسەفەرم ... م. حەمید عەزیز

لەهەرکوێ بم خۆشم ئەوێی، گلێنەکەم هاوسەفەرم
لەهەرکوێ بی بیرت ئەکەم، هەناسەکەم تاجی سەرم
ماوەیەکە من لێت دوورم کانی یەکم ووشک و برنگ
لەم بیابانی دڕکەدا بۆ خونچەیەک، خەریکە لە داخا شەق بەرم
کەلێت دوورم هاوسەفەرمی هەمیشە لەیادو چاومای
تەنها گریان ماڵی تەنهاییم پڕدەکا، ئیدی پەنا بۆ کێ بەرم
ئەی بۆ ووتیان کەلێی دووربی باخچەی دڵت ووشک نابێ
ئەوە نی یە ڕووبارێکم پڕلەشەرم بێ هاورێم و تەنهاییشم کردەبەرم
بەهەشتی خواوەندم ناوێ کەمن دووربم لە بۆنی تۆ
بەبێ تۆ پادشاش بم هیچە، بێ هەناسەت بوونم نی یە من وونم
هاوسەفەرمی هەتا مردن، لەڕۆح و خوێنمدا ئەژیت
بۆ یەک چرکەش بێ تۆ نازیم، کەی لەمەنفا ڕۆح لەبەرم
کەهاتمەوە سوجدە دەبەم خاک و خۆڵیشت ماچ دەکەم
بەرگی غوربەت دەردو ژانە چیدی من نایکەمە بەرم
نیشتمانی عەشق و گووڵە وولاتی من، توخوا برینداری مەکەن
بۆ هەمیشە خەڵتانی خوێنە ئەو خاکە، ئەی دەسەڵات تۆزێ شەرم
دەتۆش بەسە میری ناوچە، کەلی شەیتان بەجێ بێڵە
لە ئازادی حاڵی نابی بۆیە لە خاک و نەتەوەم دەربەدەرم.

Hamid773@hotmail. com